# خانووی کەلەپووریی
# سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی
# لە شاری هەولێر

## نۆژەنکردنەوە و پاراستنی (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**پ. ی. د. عەبدوڵلا خورشید قادر　　د. زیاد ئەحمەد موحەممەد　　جەمال جەمیل ئەسعەد**
بەشی شوێنەوار کۆلێژی ئاداب　بەشی شوێنەوار کۆلێژی ئاداب　قوتابی دکتۆرا بەشی شوێنەوار
زانکۆی سەلاحەددین　　زانکۆی سەلاحەددین　　کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین
jamaljameel197@gmail.com　ziyad.mohammed@su.edu.krd　abdullah.qader@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوەکە:**

خانووی سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی یەکێکە لە خانووە کەلەپوورییەکانی گەڕەکی سەعدووناوە، دەکەوێتە باشووری قەڵای هەولێر و گەڕەکی تەعجیل، مێژووی دروستکردنی ئەم خانووە بۆ زیاتر لە (١٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەم خانووە پێکهاتووە لە یەک نهۆم و سێ ژووری شێوە لاکێشەیی و دوو هەیوانی کراوە لەگەڵ حەوشەیەکی گەورە و تەویلەیەکی ئاژەڵ و دوو شۆرك (گەرماو) و یەك دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوە لەگەڵ یەك پەیژە و تارمەیەك، ئەم شێوازی بیناسازییە بەیەکێك لە شێوازە رەسەنەکانی وڵاتی دوو رووبار دادەنرێت.

کەرەستە بیناسازییەکانی خانووی سەلیم سلێمان مەحموود بریتین لە خشتی سوورکراوە (کەرپووچ) لەگەڵ خشتی لە قوڕ دروستکراو، هەروەها دار و ئاسن بەکارهاتووە لە چەند شوێنێکی خانووەکە، وە گەچیش بەکارهاتووە بۆ ڕووپۆشکردنی دیوارەکان.

ئەم خانووە چەندین ڕەگەزی بیناسازی و هونەری لەخۆ دەگرێت وەک هەیوان، کەوان، دەلاقە، سواندە و دەرگا و پەنجەرەکان. لەم توێژینەوە هەوڵدراوە بە

شێوەیەکی مەیدانی سەرجەم بەش و ڕەگەزەکانی بیناسازی و هونەری باسبکرێت، هەروەها تیشک خراوەتە سەر هۆکارەکانی تێکچوون و لەناوچوونی خانووەکە کە خۆی لە هۆکارە سروشتییەکان و مرۆییەکان دەبینێتەوە. هەر لەم توێژینەوەیە ئاماژە بە چۆنیەتی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی خانووەکە کراوە.

وشە کلیلییەکان: خانووە کەلەپوورییەکان، بیناسازی، نۆژەنکردنەوە، پاراستن، سەلیم سلێمان کوورەچی

## پێشەکی:

**گرنگیی توێژینەوەکە**: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (خانووی کەلەپووری سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی لە شاری هەولێر نۆژەنکردنەوە و پاراستنی) کە دەکەوێتە گەڕەکی سەعدووناوە، ئەم خانووە یەکێکە لە سەدان خانووی کەلەپووری کە دابەشبوون بەسەر چەند گەڕەکێک لە ناوەندی شاری هەولێر، کە تا ئێستا زۆربەیان توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر نەکراون، هەر بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بۆ یەکەم جارە بە شێوەیەکی مەیدانی توێژینەوە لەسەر خانووی ناوبراو بکرێت، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەشێک لە مێژووی هەولێرو بە دۆکیومێنتکردنی یەکێک لە خانووە کەلەپوورییەکان، هەروەها لە داهاتوودا ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێت ببێتە پڕۆژەیەک بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەم خانووە و خانووە کەلەپوورییەکانی تر لە شاری هەولێر.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەروازەیەک و دوو باسی سەرەکی، لە دەروازەدا تیشک خراوەتە سەر مێژووی شاری هەولێر لە سەرەتای هاتنی سوپای موسڵمانان و پاشان دەوڵەتەکانی هەزبانیی کوردی و دەوڵەتی ئەتابەکییەکان، بە تایبەت سەردەمی زێڕینی سوڵتان موزەفەر، هەروەها ئاماژە بە فەرمانڕەوایی عوسمانی و میرنشینی سۆران لە هەولێر کراوە، لە بەشێکی تری دەروازەکەدا تیشک خراوەتە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی شاری هەولێر، بە تایبەت لە ڕووی بیناسازییەوە. لە باسی یەکەمدا توێژینەوەیەکی مەیدانیی تەواو

کراوە بۆ خانووی سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی، ئاماژە بە پێکهاتە و هەموو بەش و ڕەگەزەکانی بیناسازی و هونەری کراوە. لە باسی دووەمدا هەموو ئەو هۆکارانە دیاری کراون کە بوونەتە هۆی تێکچوون و لەناوچوونی خانووەکە، هەروەها ئاماژە بە ڕێگەکان و پێشنیازەکانی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی خانووەکە خراوەتە روو .

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە هەردوو لایەنی مەیدانی و ئەو سەرچاوە نووسراوانەی کە دەربارەی مێژوو و خانووە کەلەپوورییەکانی هەولێر نووسراون. بەڵام لەبەرئەوەی لە رابوردوودا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەم خانووە نەکراوە بۆیە زۆربەی کارەکانی بە شێوەی مەیدانی ئەنجامدراوە.

سەرچاوەی توێژینەوە: بۆ ئامادەکرنی ئەم توێژینەوە پشت بەستراوە بە سەرچاوە زانستییە باوەڕپێکراوەکان، بە زمانە جیاوازەکان لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە لەلایەن بنەماڵەی (سەلیم سلێمان کوورەچی) بە دەستمان گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بە شێوەی مەیدانی ئەنجامدراوە.

**دەروازە:**

شاری هەولێر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی عێراقی ئێستا، دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی ٤٤,٠٠٧٢ وە هێڵی پانی ٣٦,١٩٠٦ ئێستا وەك سەنتەری قەزای ناوەند لە پارێزگای شاری هەولێر دادەنرێت، سنووری باکووری لەگەڵ قەزاکانی شەقڵاوەو خەباتە سنووری باشووری لەگەڵ قەزایەکانی مەخموور و دەشتی هەولێرە لە ڕۆژهەڵاتیشی قەزای دەشتی هەولێرە لە ڕۆژئاواشی قەزایەکانی خەبات و مەخموورە ( غەفور، ٢٠١٥، ل ٦١٢) شاری هەولێر شوێنێکی گرینگی ستراتیجی هەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە و بچووك لە باکوور و باشوورییەوە زێی دیجلە لە ڕۆژئاوایەتی بەشێکی تری سنوورەکەی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و کەرکووك و مووسڵ و دهۆکە بەشێکی تری هاو سنوورە لەگەڵ وڵاتی تورکیا و ئێران ( اسماعیل، ١٩٧١، ٦).

هەولێر لە نیوەی کۆتایی سەردەمی ئیسلامیدا پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی، لە سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامیدا ناوی هەولێر نەهاتووە بەڵام لە هەندێك سەردەم ناو و ناوبانگی بە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوە، لە سەرەتای هاتنی سوپای موسڵمانەکان بۆ ناوچەکان بە روونی ناوی شاری هەولێر نەهاتووە، کە کەی و چۆن کەوتۆتە ژێر فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلامی، بە بۆچوونی هەندێك لە مێژوونووسان لەساڵی ٢٢ی کۆچی هەولێر کەوتۆتە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامی، بە دیاریکراوی لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) شارەکە لەسەر دەستی عوتبەی کوڕی فەرقەد رزگارکراوە (الواقدی، ١٩٩٦، ٤٥).

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامی لە سەدەی (٣ ک/٩ ز) ناوی هەولێر هاتووە لەلایەن جوگرافیناس (ابن خرداذبة) لەگەڵ هەرێمی حلوان کە پێنج (طسوج)ی هەیە، واتە پێنج ناحیەی هەبووە لەوسەردەمەدا ئەوانیش (طسوج فیروز قیاذ، طسوج الجبل، طسوج تمران، طسوج اربل، طسوج خانقین) (ابن خرداذبة، ١٨٨٩، ٦) لە دواییدا عێراق دابەشبووە بۆ چەند ویلایەتێك و شاری هەولێر بەشێك بووە لە هەرێمی حەلوان، لە دوایی بووە بە بەشێك لە هەرێمی جەزیرە لە چوارچێوەی شاری مووسڵ (سترك ، ١٩٣٣، ٥٧٠-٥٧١).

بەدیارکەوتنی ناوی هەولێر لە سەردەمی ئیسلامی هاوشان لەگەڵ ناوی میرانی هەزبانی بوو لە قەڵای هەولێر و دەوروبەری میرنشینێکی کوردییان دامەزراندوە لە هیچ رووێکەوە لە میرنشینەکانی هاوشێوەیان کەمتر نەبوون، ئەوەش لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی بوو، دامەزرێنەری ئەم میرنشینە لەسەر دەستی میر ئەبولهیجا موسەك کوری چکۆ بوو( تۆفیق، ٢٠١٠، ٢٤٣). لە سەردەمی ئەو میرنشینە شاری هەولێر رێنساسی ڕۆشنبیری و بیناسازی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە کە دەدرێتە پاڵ ئەتابەکیەکان بەڵام ئەو گرنگییە لە ڕاستیدا لە سەردەمی هەزبانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە سەردەمی ئەتابەکییەکان گەیشتۆتە لووتکە، لە سەردەمی هەزبانییەکان دەستکراوە بە دروستکردنی بیناسازیی دامەزراوە

ڕۆشنبیری و زانستی و بازاڕ و دووکان و خانەی لەبەرگرتنەوەی پەرتووك (تۆفیق، ٢٠١٠، ٢٥٢).

دوای نەمانی فەرمانڕەوای میرەکانی هەزبانی شارەکە دەکەوێتە دەست ئەتابەگییەکان، لە ساڵی٥٦٣ کۆچی/ ١١٦٢ زایینی (زین الدین علي) بوو بە والیی شاری هەولێر ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوایی کردووە و کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕێك نێژراوە بەناوی خۆیەوە لە نزیك مزگەوتی (عتیق) لە ناو شوورەی شارەکە، دوای مردنی چەند جێگرەوەیەك دانراوە وەك: سرفتکین کوڕی عبدالله زینی و مجاهید قایماز کوڕی عبدالله زین و عزەددین کوڕی عبدالله زینی و ئەمیر زین الدین یوسف ینلتکین و موزەفەرەدین گوگبری (حسین، ٢٠١٤، ٥٩ - ٩٧).

موزەفەرەدین گوگبری لە ساڵی ٥٨٦- ٦٣٠ کۆچی/ ١١٩٠-١٢٢٣ زایینی فەرمانڕەوایی هەولێری کردووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێشکەوتنی شارەکە و گرنگیی زۆری بەلایەنی ڕۆشنبیری و بیناسازی و خێر و خێرات داوە، بە تایبەتی لە بواری بیناسازی وەك دروستکردنی شوورەی شار و بینای سەرگۆڕەکان و دروستکردنی مزگەوت تاکو ئێستاش منارە بەناوبانگەکەی ماوە هەروەها دەزگای خێرخوازی و قوتابخانە و لە ناویاندا قوتابخانەی موزەفەرییە و بازاڕی قەیسەری کە بە کۆنترین قەیسەری ئەژمار دەکرێت لە ناوچەکە ( الصقار،١٩٩٢، ٦٨-٧٤، ٨١-٨٦)

یاقووتی حەمەوی باسی شاری هەولێر دەکات و دەڵێ شارێکی ئاوەدان بووە لەسەر گردێکی بەرز بنیاتنراوە، پێکهاتووە لە قەڵایەکی بە هێز و چاڵێکی قووڵ بە دەوریدا هەبووە، شارەکە شوورەیەکی پچڕاوی هەیە لە ناو قەڵادا بازاڕ و خانووی دانیشتوان و مزگەوت و باڵەخانەی تێدایە، لە شێوەی قەڵای حەلەب وایە بەڵام ئەو گەورەتر و فراوانترە، هەموو خانوو و باڵەخانەکان و شوورا و بازاڕو مزگەوت و قەیسەرییەکانی لە سەردەمی موزەفەرەدین گوگبری دروستکراوە ( حموی، ١٩٧٧، ١٣٢).

دوای کەوتنی فەرمانڕەوایی ئەتابەکییەکان لە شاری هەولێر لەسەر دەستی مەغۆلەکان کە چەندین جار هێرشیان کردە سەر شارەکە نەیانتوانی دەستی بەسەردا

بگرن، تا کەوتنی شاری بەغداد لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی /١٢٥٨زایینی، مەغۆلەکان سوپایەکیان نارده سەر شاری هەولێر بە سەرکردایەتی ئەرقیتو نۆیان، گەمارۆیان خستە سەر شارەکە بۆماوەی شەش مانگ، نەیانتوانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرن، تا ڕاوێژیان بە والیی شاری مووسڵ بەدرەددین لوءلوء کرد، پێشتر هاتبووە ژێر فەرمانڕەوایی مەغۆلەکان، ئەویش دوو پێشنیازی بۆیان کرد، یەکەمیان کوردەکان بەرگەی گەرمای زۆر ناگرن لە هاویندا دەچنەوە بۆ ناوچەی چیاکان ئێستا خۆراکی تەواویان لەبەر دەستە بۆ بەرگریکردن، دووەم دەبێ لە ڕێگای فێڵەوە دەست بەسەر شارەکەدا بگرن ئینجا پیلانەکەیان جێبەجێ کردو شوورەی شارەکەیان رووخاند و وێرانیان کرد (خصباك، ١٩٦٨، ٥٨).

بەدرەددین لوءلوء وەك والیی شارەکە دانا بەڵام میرە کوردەکان دوای ڕێککەوتنیان لەگەڵ هۆلاکۆ خاوەندارییی رەسەنی شارەکەیان وەرگرتەوە بۆ (شرف الدین جلالی) بە مەرجێ هاوکاری سوپای مەغۆلەکان بکات بە دابینکردنی خۆراك و پاڵپشتی سەربازی بۆ سوپای مەغۆلەکان، لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٦٨٤ کۆچی /١٢٨٥زایینی هیچ ڕووداوێکی وا نییە لەسەر شارەکە تا کەوتنی ئیلخانییەکان لەساڵی ٧٦٣ کۆچی ١٣٣٥ ( العلیاوي، ٢٠٠٥، ١١٩ – ١٣٢ ).

لە ساڵی ١١٥٦ کۆچی/ ١٧٤٣ زایینی نادرشاه بۆماوەی (١٠) ڕۆژ گەمارۆی شاری هەولێری دا دواتر توانی دەستی بەسەردا بگرێت، شوورەی شارەکەی وێرانکرد، والیی شاری هەولێر خالید پاشای بابان هەڵات بۆ شاری ئورفە، (موکریانی، ٢٠٠٧، ٥٢٣).

لە قۆناغی مێژووی نوێدا شاری هەولێر بەشێك لە میرنشینیی سۆرانی پێکدەهێنا، لە سەدەی شازدەیەم شارەکە پایتەختی میرنشینەکەی بووە، لە سەردەمی میرعزەددین شێر کە سوڵتان سلێمان قانوونی لە ساڵی ٩٤١ کۆچی/ ١٥٣٤ زایینی لە سێدارەی دا شارەکە کەوتە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی (البدلیسی، ٢٠٠١، ٤٥٩-٤٦٠).

لە بەڵگەنامەکانی بەردەست کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ٩٤٩ کۆچی/ ١٥٤٢ زایینی دەگەڕێتەوە شاری هەولێر لە سەرەتای فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە پێچەوانەی بۆچوونی سەرچاوە مێژووییەکان ئاوڕیان لە شارەکە داوەتەوە و لە رووی کارگێڕییەوە وەك ویلایەت کاریان لەگەڵدا کردووە، شاری هەولێر ناوەندی ویلایەتەکە بووە و دوو سەنجەقی هەبووە ئەوانیش سەنجەقی باجوانلو و سەنجەقی هەریر و دووین بوونە لە هەشت گەڕەك پێکهاتووە (مراد، ٢٠١٥، ١٨، ١٤٤).

لە دوای دوو ساڵی تر بە ماوەیەکی کەم بەپێی بەڵگەنامەیەك کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٥١ کۆچی/١٥٤٤زایینی لە رووی کارگێڕییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەولێر بووە بە سەنجەقێك سەر بە ویلایەتی بەغداد. هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر  کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٨٧ کۆچی/١٥٧٩زایینی هەولێر بۆتە بەشێك لە ویلایەتی شارەزوور کە ناوەندی ویلایەتەکە شاری کەرکووك بووە (بیات، ٢٠٠٧، ٢٩٦-٣٠٢،٣٠٠، ٣٦٦ ) ئەوەی لەو بەڵگەنامانە خراوەتە ڕوو شارەکە ئاوەدان بووە و جوولەیەکی باشی بازرگانی تێدابووە ( مراد، ٢٠١٥، ١١٤).

لە ١٥٧٤/١٢/٣١ زایینی گەڕیدەی هۆڵەندی ( لیۆنهارد راوولف) سەردانی شاری هەولێری کردووە و باسی باڵەخانەکان و شوورەی شارەکەی کردووە، دەڵێت شووراکەی زۆر بەهێز نییە ئەگەر دوژمن بێت بەئاسانی دەتوانێت داگیری بکات لەگەڵ ڕۆڵی بازرگانی و سیاسی لە شارەکەدا ڕوویداوە پێش گەیشتنی بە هەشت ڕۆژ ( راوولف، ٢٠٠٨، ٢٢٥) ئەوە نیشاندەدات کە لە رووی سیاسییەوە شارەکە ئارام نەبووە.

هەروەها ( مونشیء بەغدادی) لە ساڵی (١٨٢٢) زایینی سەردانی شاری هەولێری کردووە لە (پردێ)وە بەرەو شاری هەولێر هاتووە، باسی رێگایەکە دەکات و دەڵێت نێوان هەولێر و پردێ هەشت فرسەخە و نزیکەی هەزار خانووی لێیە، سەرجەم دانیشتوانەکەی لە کوردی (دیزنە)وە بەناوبانگن بە (دزدی) دیارە نووسەر مەبەستی هۆزی (دزەیی)یە، دەڵێت شاری هەولێر ویلایەتێکی کۆنە لە رابردوو کەناڵی ئاوی هەبووە بەڵام ئێستا وێران بووە، شارەکە لەسەر گردێکی بەرز بنیاتنراوە،

لە ناو قەڵا نزیکەی هەزار خانووی تێدایە، لە دەرەوەی قەڵا چوار هەزار خانووی هەیە بەڵام هیچ باخێکی تێدانییە وە لە دەرەوەی شارەکە مزگەوتێکی ڕووخاوی لێیە منارەیەکی بەرزی هەیە، باسی شارۆچکەی عەنکاوە دەکات دەڵێ سێ سەد خانووی تێدایە دانیشتوانەکەی دیانن حاکمەکەی لە خۆیانە (البغدادي، ٢٠٠٨، ١٢٠-١٢١).

لە ساڵی ١٢٤٦ کۆچی/ ١٨٣٠ زایینی میر محەمەد میری سۆران دوای ئەوەی سەربەخۆ بوو توانی ناوچەی سوورچی و خۆشناوەتی و دواتر هەریری بخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی، دوایی دەوری شاری هەولێری دا و بەماوەیەکی کەم خستیە سنووری میرنشینەکەی دوای ئەوەی لە چنگی بابانییەکانی دەرهێنا، لە هەمان کاتدا پردێی خستە سەر میرنشینەکەی و توانی شاری رانیە و کۆیەش بخاتە ژێر فەرمانڕەوایی میرنشینەکەی و لە دەست بابانییەکان دەریبێنێ تا گەیشتە سەر زێی بچووك (زكي، ١٩٣١ ٢٤٣) هەروەها (فریزر) لە ساڵی ١٨٣٤ زایینی سەردانی سنووری میرنشینی سۆرانی کردووە باسی میر محەمەدی سۆرانی کردووە، دەڵێ چوار برای هەبووە ئەحمەد بەگ حاکمی شاری هەولێر بووە (فریزر، ١٩٦٤، ١٨).

لە ساڵی ١٢٥٢ کۆچی/١٨٣٦ زایینی عوسمانییەکان راستەوخۆ فەرمانڕەوایی شاری هەولێریان دەکرد دوای ئەوەی ویلایەتی شاری مووسڵ لە ویلایەتی بەغداد جیاکرایەوە لە ساڵی ١٢٩٧ کۆچی /١٨٧٩ زایینی شاری هەولێر بووە ناوەندی قەزای هەولێر سەر بە لیوای شارەزوور، شاری هەولێر ساڵی ١٣٠٨ کۆچی/ ١٨٩٠ زایینی ژمارەی دانیشتوانی (٧٥٩٠) کەس بووە، لە رووی بیناسازی و باڵەخانەوە (١٨٢٤) خانووی تێدابووە لەگەڵ (٦) جامع و (١١) مزگەوت و (٣) گەرماو و (٦٣٧) دووکان و ١٠ قاوەخانە و (١) قشڵە. و لە ساڵی ١٢٩٢ کۆچی/ ١٨٧٥ زایینی بۆ یەکەم جار شارەوانی لە شاری هەولێر کرایەوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٢٥ کۆچی/ ١٩٠٧ زایینی شاری هەولێر (١٨٢٠) خانوو و (٦٣٧) دووکان و (٦) جامع و ٢ مزگەوتی تێدابووە (نصاری، ٢٠٠٥، ٢٦٤-٢٦٥).

دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم گشت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە نێوان وڵاتانی سەرکەوتوو دابەشکرا، ویلایەتی مووسڵ

بەر دەوڵەتی بەریتانیا کەوت، بەبێ جەنگ هاتنە شاری هەولێر و یەکەم نێردراوی حاکمی رامیاری بەریتانی بەناوی (کاپتن های) کە ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان بوو لە ساڵی ١٩١٨ زایینی، بەم شێوەیە باسی بیناسازی شاری هەولێر دەکات: شارەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو بەشی سەرەوەی کە قەڵاکە بوو بەرزی دیوارەکانی (٩) مەتر بوون، دەڵێت هەندێك پەنجەرەی بچووکی تێدابوو شێوەکەیان وەك تاق بوو بەڵام ماڵە دەوڵەمەند و ئاغاکان لە ڕووی دەرەوەی دیوارەکان سەر هەیوانێکیان هەبوو دەیڕوانی بە سەر شارەکەدا، کۆڵانەکانی ناو قەڵا زۆر تەنگەبەر بوون بەتەواوی عارەبانە نەیدەتوانی بە جوانی ڕێبکات بە ناویدا هەر لەسەر قەڵا فەرمانگەی میری لێ بوو.

سەبارەت بەشی خوارەوەی شارەکە ئەوانیش لەلای ڕۆژهەڵات و باشووری شارەکە بوون، پێدەچێت مەبەستی بەشی لای ڕۆژهەڵاتی شارەکە گەڕەکی خانەقا بێت، بەشی باشووریش گەڕەکەکانی تەعجیلی ئیسلام (سعدوناوە) و جوولەکان بێت، هەروەها باسی قەیسەری شارەکە دەکات دەڵێت: بازاڕێکی جوانی دوو نهۆمی تێدا هەبووە بەڵام بەشێکی تری تێکچووە لەوانەیە بە زوویی چاك بکرێتەوە. (های، ٢٠١٦، ١١٦-١١٨).

لە ئێستادا شاری هەولێر خاوەنی زۆرترین خانووی کەلەپوورییە، کە دابەشبوون بە سەر دوو شوێن بەشی یەکەم نزیکەی ٥٠٠ خانووی کەلەپوورییە، دەکەوێتە سەر قەڵا و دابەشبوونە بە سەر هەرسێ گەڕەکەکانی سەرای، تەکیە و تۆپخانە، بەشی دووەمی خانووە کەلەپوورییەکانی هەولێر دەکەوێتە بەشی خوارەوەی قەڵا کە دابەشبوون بە سەر گەڕەکەکانی خانەقا، عارەبان و تەعجیل (تەعجیلی موسڵمانان، تەعجیلی جوولەکان، سەعدووناوە).

لە رووی پێکهاتەی بیناسازییەوە زۆرێک لە خانووە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر پێکهاتوون لە چەند ژوورێك و هەیوانێك یان دوو هەیوان، وە حەوشەیەك و شۆرك (گەرماو) و سەرئاو، هەیوانێک بۆ دانیشتن بوو ئەوەی تر بۆ چێشت لێنان، چونکە لە پێشدا داریان بەکارهێناوە لە ئامادەکردنی خواردن لە بەر ئەوەی داریش

لەو جۆرە مادده ئەندامیانەیە کە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دروست دەکات لە کاتی سووتانی بۆیەش پێویستی بە شوێنێکی کراوە دەبوو بۆ ئەوەی لە پاشماوەی دووکەڵی ئاگرەکە رزگاریان بێت، (سادق، ٢٠٢١،ل ٨٢٠) بەشێکی زۆر لە خانووەکان لە یەك نهۆم و هەندێکیش لە دوو نهۆم پێکدەهاتن، پێیاندەگوت کۆشك (چاوشلی،١٩٨٧، ٢٦)





نەخشەی گەڕەکی سەعدووناوە ، سەرچاوە محەمەد لەشکری

**باسی یەکەم. خانووی کەلەپووریی سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی:**

ئەم خانووە یەکێکە لە خانووە کەلەپوورییەکانی گەڕەکی سەعدووناوە لەسەر شەقامی مزگەوتی کوورەچییان نزیك بە مزگەوتەکەیە، ئەو گەڕەکە دەکەوێتە باشووری قەڵای هەولێر و گەڕەکی تەعجیل، لە کۆندا بەستێك لەگەڵ گەڕەکی تەعجیل لێکی جیا دەکردنەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو بەستە بۆتە شەقام، ئەم گەڕەکە بە سەعدووناوە ناونراوە بەهۆی بوونی گۆڕێک بە ناوی ئیمام سەعدوون (حەسەن،

٢٠٠٩، ٢٦٥) بەڵام ئێستا لە فەرمانگەی تاپۆی خانووبەرە ئەم گەڕەکە بە ناوی (تەعجیل ئیسلام) تۆمارکراوە. ئەم گەڕەکە لە پێشدا فراوان بووە، بە گوێرەی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٢٩) لە (٨٤) ماڵ پێکهاتووە (عبدالقادر، ٢٠١٢، ٢٨).



هێڵکاری ژمارە –١ –توێژەر

ئەم خانووە لە لایەن (سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی) دروستکراوە بەڵام مێژووەکەی بە ڕوونی دیار نییە، یەکێك لە نەوەکانی ناوبراو بە ناوی (جاسم کەریم سەلیم ) باس لەوە دەکات باوکی لە ساڵی (١٩٠٤ز) لەم خانووە لە دایك بووە و خانووەکە لە لایەن باپیری (سەلیم) دروستکراوە، کە یەکێك بووە لە کوورەچییە بەناوبانگەکانی شاری هەولێر، (چاوپێکەوتن، جاسم کەریم سلێمان) بە گوێرەی ناسنامەکەی (سەلیم سلێمان مەحموود) ساڵی ١٨٦٤ ز لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٥ زایینی کۆچی دوایی کردووە، ئێستا گۆڕەکەی لە گۆڕستانی (ئیمام واستی)یە لە شاری هەولێر، ناو و ساڵی کۆچکردنەکەی لەسەر چوار خشت نووسراوە، ئەو زانیارییانەی لە ناو ناسنامەکەی تۆمارکراوە ژمارەی تاپۆی ئەو خانووەی تێدایە بە ژمارەی (١٤٢/٦ت) لەگەڵ ناوی گەڕەکەکە، هەروەها جۆری پیشەکەشی تێدایە بە (فخار) هاتووە، بەپێی ئەو بەڵگەیە بێت تەمەنی خانووەکە بۆ زیاتر لە (١٠٠) ساڵ دەبێت.

**یەکەم. پێکهاتەی بیناسازیی خانووەکە:**

ئەم خانووە بە هێڵکارییەکی شێوە لاکێشەیی دروستکراوە درێژیەکەی (١٦٫٢٥م و پانییەکەی ١٣٫٧٠م پێکهاتووە لە یەک نهۆم و سێ ژووری شێوە لاکێشەیی و دوو هەیوانی کراوە لەگەڵ حەوشەیەکی گەورە و تەویلەیەکی ئاژەڵ و دوو شۆرك و یەك دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوە لەگەڵ یەك پەیژە و تارمەیەك. هێڵکاری ژمارە (١). بە شێوەیەکی گشتی خانووەکە لەم بەشانە پێکهاتووە.

**١. کەرەستەکانی بیناسازی:**

کەرەستەکانی بیناسازی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە مانەوە و لەناوچوونی بینایەکان، جۆری کەرەستە بەکارهاتووەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژینگەی ئەو ناوچەیەوە هەیە کە بینایەکەی لێ دروستکراوە، لە بەرئەوە هەر ناوچە و شوێنێک کەرەستەی تایبەت بەو شوێنە بەکارهاتووە کە لە ناوچەکە زۆرە و بە ئاسانی دەستدەکەوێت، بە پلەی یەکەم لە شاری هەولێر خشت بەکارهاتووە لە زۆربەی بینایەکانیدا، لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە کە ئەو کەرەستەیە زۆرە، هەروەها بە پلەی دواتر کەرەستەکانی وەک ئاسن، شووشە، گەچ، قیر، دار، قامیش، قسڵ و بەرد بەکارهاتوون.

زۆربەی خانووە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر لە خشتی سوورکراوە (کەرپووچ) دروستکراون، بەڵام ڕێژەیەکی کەمیان لە خشتی سادە دروستکراون، هەروەها گەچ و قسڵیان بەکارهێناوە، لە خانووەکانی قەڵا بناغەکەیان زۆر قووڵ دەکرا هەندێك جار دەگەیشتە چوار گەز ( باڵ) زیاتر، ئینجا بەردڕێژ دەکراو دەکوترا (دەپەستراوە) دیواریان بەکەرپووچ و مشکی و قسڵ دروست دەکرد کە وەك گیراوەیەك تێکەڵکراون بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەیانهێشتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی بخوسێت، بەم شێوەیە زۆر بەهێز دەبوو بەرگەی ئاوی دەگرت، هەروەها ئەو گیراوەیە لە بناغەی خانووەکان و ناو شۆرك و سەراو و جۆگەی ئاو و حەوزی ئاو بەکارهاتووە، تاکو ساڵی ١٩٣٠ز کە چیمەنتۆ گەیشتە هەولێر و شوێنی ئەو گیراوەی گرتەوە (چاوشلی،١٩٨٧، ٢٦-٢٩).

خانووی (سەلیم سلێمان مەحموود) وەك سەرجەم خانووە کەلەپوورییەکانی تری شاری هەولێر ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی بەکارهاتووە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتین لە خشتی سوورکراوەی شێوە لاکێشەیی درێژیەکەی (٢٧×١٧×٥سم) کە لەلایەن خۆیانەوە دروستکراون چونکە پیشەیان دروستکردنی کەرپووچ بووە، جگە لە کەرپووچ قوڕ بەکارهاتووە وەك بەستەری نێوان کەرپووچەکان لەگەڵ خشتی لە قوڕ دروستکراو لە بەشێکی تەویلەکە لە دیوارەکەی بەکارهاتووە، هەروەها دار بەکارهاتووە لە چەند شوێنێکی خانووەکە، لەسەر دەرگا و پەنجەرەکان لە نێو دیوارەکان، لە دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەکان ئاسن بەکارهاتووە لە دەرگا دارەکان ئاسن وەك بزمار بەکارهاتووە، گەچیش بەکارهاتووە بۆ ڕووپۆشکردنی دیوارەکان و نەخش و جوانکاری، هەروەها قسڵ بە تێکەڵی لەگەڵ مشکی بەکارهاتووە لە کەوانی بەر هەیوانەکاندا و خۆڵیش لەسەر بانی خانووەکە بەکارهاتووە، سەقفی خانووەکەش بە کاریتەی گەورە و دار و حەسیر دروستکراوە.



وێنەی ژمارە -١- توێژەر



وێنەی ژمارە-٢- توێژەر

**٢. ژووری ژمارە یەك:**

ژووری ژمارە یەك دەکەوێتە

باشووری ڕۆژهەڵاتی خانووەکە لە تەنیشت ژووری ژمارە دوو بەشێوەی لاکێشەیی دروست کراوە پێوانەکەی لە رووی ناوەوە (٦,٥٠×٣,٦٥م) بەرزیەکەی لە ناوەوە ٤,٥م، حەوت تاقی تێدایە چواریان لە دیواری رۆژهەڵات و سیانیان لە دیواری رۆژئاوایە بە دوو ڕووبەری جیاواز دروست کراون، شۆرکێکی بچووك (گەرماو) لەم ژوورە هەیە، ئەم ژوورە یەك دەرگای تێدایە لەگەڵ رەفەیەکی گەچی لە شێوەی پیتی (U)ی ئینگلیزی، هەروەها سێ پەنجەرەی بچووك لە بەرزی دەکەونە دیواری باکووری ژوورەکە راستەوخۆ لەسەر دەرگای ژوورەکە، بە بەرزی (١م)، دەلاقەیەکی (حنیە) تێدایە دەکەوێتە سەر شۆرکی ژوورەکە هەروەها بنەبانی(سقف) لە کاریتەی داری گەورە و ئەستوور دروستکراوە، بە داری بچووکتر (شەقرە) دارەڕێژ کراوە، پاشان بە حەسیر داپۆشراوە و خۆڵەبان کراوە. وێنەی (١).

**٣. ژووری ژمارە دوو:**


ژووری ژمارە دوو دەکەوێتە باشووری خانووەکە لە نێوان ژووری ژمارە یەک و دوو بەشێوەی لاکێشەیی دروستکراوە درێژیەکەی لە رووی ناوەوە ٦,٥٠م و پانییەکەی ٣,٧٠م، بەرزیەکەی ٤,٥م، چوار تاقی تێدایە بە دوو رووبەری جیاواز، لە لای دەستە چەپ واتە دیواری لای ڕۆژهەڵات دیوارەکەی چوونە ژوورەوەیەکی هەیە بە درێژی ١,٦٥م پانی ٧٨ سم وەك کۆگایەک بەکار هاتووە، ئەم شوێنە دانەوێڵەی تێکراوە پێشەکەی بە ڕیزێك کەرپووچ هەڵچنرابوو لە خوارەوەی کونێك هەبوو بەپێی پێویستی دانەوێڵەکەیان دەهێنا دەرەوە، (چاوپێکەوتن، جاسم کەریم سلێمان) بە هەمان شێوەش لە خانووی جەمیل ئاغا لە قەڵای هەولێر ئەم شێوازە بەرچاو دەکەوێت. ژووری دووەم یەك دەرگای تێدایە دەکەوێتە ناوەڕاستی دیواری باکوور پانیەکەی ١,٤٠م و بەرزیەکەی ٢م، لە دار دروستکراوە، لە بەرزی دیواری باکووری ژوورەکە سێ پەنجەرەی تێدایە بەشێوەی لاکێشە لە ڕووی دەرەوەی درێژیەکەی ٣٤سم پانییەکەی ٣٠ سم وێنەی (١١)، بنەبان (سقف)ەکەی لە کاریتەی دار دروستکراوە بەهەمان شێوەی ژووری یەکەم. وێنەی ژمارە دوو.

**٤. ژووری ژمارە سێ:**



وێنەی ژمارە-٣- تویێژەر

ژووری ژمارە سێ دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای خانووەکە لە تەنیشت ژووری ژمارە دوو بە شێوەیەکی لاکێشەیی دروستکراوە درێژیەکەی ٦٫٥٨م و پانیەکەی ٣٫٧٠م بەرزییەکەی وە یەك دەرگای تێدایە پانیەکەی ١٫٣٥م و بەرزیەکەی (٢م) لە باکووری دیواری ڕۆژهەڵاتی چوونە ژوورەوەیەك لە دیوارەکە بە هەمان شێوەی ژووری دووەم هەیە درێژیەکەی ١٫٦٥م پانیەکەی ٦٣سم ئەم شوێنەش وەک کۆگایەک بووە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە، واتە ئەم ژوورە شوێنی هەڵگرتنی بەروبوومی دانەوێڵەی هەبووە بۆ وەرزێکی تر، ئەم ژوورە حەوت تاقی تێدایە بە دوو شێوەی جیاوازی لاکێشەیی، لە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوای ژوورەکە شێوەیەکی میحرابی هەیە، لەوانەیە وەک (گەرماو) بەکارهاتبێت وەك شۆرکی ژووری ژمارە یەک، لە بەشی سەرەوەی دیواری ئەم ژوورە دەلاقەیەک (حنیە) هەیە لەوانەیە بەکارهاتبێت وەک شوێنی هەڵگرتنی خواردەمەنی وشکە، ئەم ژوورەش وەك ژووری ژمارە یەک و دوو بنەبانەکەی لە کاریتە و دار و حەسیر دروستکراوە، بەڵام بەشێکی



وێنەی ژمارە -٤-

زۆری ڕووخاوە، هەروەها ئەم ژووره ڕەفەیەکی لە گەچ دروستکراوی تێدایە سێ لای ژوورەکەی گرتووە بە هەمان شێوەی ژووری ژمارە یەک وێنەی (٣).

**٥. ژووری ژمارە چوار:**

ئەم ژووره دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی خانووەکە، بە شێوەیەکی لاکێشەیی دروستکراوە، درێژیەکەی ٤٫٤٧م پانیەکەی ٢٫٨٧م ، وێنەی (٤). ئەم ژووره وەک تەویلەی ئاژەڵان بەکارهاتووە بە بەڵگەی بوونی پێنج شێوە تاق لە دیواری ناوەوە، بەشی سەرەوەی ئەو تاقانە بە شێوەی کەوانەیی تیژ دروستکراوە، وەك ئاخوڕی خۆراکی ئاژەڵان سوودیان لێ وەرگرتووە و لە تەنیشت هەر ئاخوڕێک مێخ زنجیرێکی ئاسن هەیە بۆ بەستنەوەی ئاژەڵەکان وێنەی (٥)، لەوانە ئاژەڵی باریان تێدا ڕاگرتووە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی کاری ڕۆژانە بەتایبەت کەرپووچ، لەبەرئەوەی خۆیان پیشەیان دروستکردنی کەرپووچ بووە.



وێنەی ژمارە -٥-

ژووری چوارەم یەك دەرگای تێدایە دەکەوێتە دیواری باکووری ڕۆژئاوای ژوورەکە بەرامبەر بە دەرگای حەوشەی خانووەکەیە، ئەو ژووره بەرزیەکەی کەمترە لە ژوورەکانی تر نزیکەی٣٫٢م بنەبانی



وێنەی ژمارە -٦-

ئەم ژووره تێکچووه، دیوارەکەی له کەرپووچ و بەشێکی له خشتی ساده دروستکراوه.

**٦. شۆرك (گەرماو)ی یەکەم:**

ئەم شۆرکه دەکەوێتە ناو حەوشەکه لە بەشی باکووری خانووەکه راستەوخۆ بە دیواری باکووری خانووەکە نووساوه، بە شێوەی لاکێشەیی دروستکراوه درێژیەکەی ٢,٣م پانیەکەی ١,١٦م، بەرزیی دەرگاکەی ١,٧٠م و پانیەکەی ٨٧ سم، بنەبانەکەی بە شێوەی نیوه کەوانەی بەرمیلی ناتەواو لە کەرپووچ دروستکراوه، لە ژێر ئەم شۆرکە کوورەیەکی گەرمکردن هەیه که بە دار شۆرکەکەیان گەرمکردووه، لەلای ڕۆژهەڵاتیەوه شوێنی تێکردنی داری هەیه وێنەی (٦).

**٧. شۆرك (گەرماو)ی دووەم:**

دەکەوێتە ناو ژووری ژمارە یەک لە سووچی باکووری ڕۆژهەڵاتی ژوورەکە لە تەنیشت دەرگای ژوورەکەیە، دوولای لەگەڵ دیواری ژوورەکەیە و ئەوەی تری بە شێوەی نیو کەوانەیی دروست کراوه نیوه تیرەکەی ١,٢٦م ئەستووری دیواری نیوه کەوانەکە ١٠سم دەرگای نیوه کەوانەکە بە شێوەی کراوە واتە دەرگای تێ نەکراوە، ناوەوەی شۆرکەکە زەویەکەی بەرزترە لە ژوورەکە بریتییە لە ٤٠ سم، ئاوەڕۆیەکەی بە هۆی دەرچەیەکی کراوە لە دیوارەکە بەڕووی دەرەوە هەیە ڕاستەوخۆ ئاوی بەکارهاتوو لە شۆرکەکەوە دەچێتە ناو حەوشەکە.

**٨. سەراو (سەرئاو):**

ئەم خانووە یەك سەراوی هەیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای خانووەکە لە لایەکی دیواری باکوورە و لایەکەی تری دیواری ڕۆژئاوایە، دوو لایەکەی تری دەکەوێتە ناو حەوشەکە، دەرگایەکەشی دەکەوێتە دیواری باشووری، بنەبانەکەی بە شێوەی نیوکەوانەیی شێوە بەرمیلی دروستکراوە دیوارەکانی بە گەچ رووپۆش کراوە وێنەی (٦).

**٩. حەوشە (فناء):**

حەوشەی ئەم خانووە لە جۆری کراوەیە، دەکەوێتە ناوەڕاستی خانووەکە، بە شێوەی لاکێشەیی دروستکراوە، درێژیەکەی ١٠,٥م پانیەکەی ٩,١٥م، بەڵام لە ناوەڕاستەکەی لە نێوان ژووری ژمارە یەك و تەویلەکە پانیەکەی تەسك دەبێتەوە بۆ ٥,٨٥م وێنەی (٧) هێڵکاری (٢).



وێنەی ژمارە -٧-

**دووەم. ڕەگەزەکانی بیناسازی و هونەری خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی:**

خانووە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر بە گشتی لە شێوازی دروستکرنیاندا ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و باری کەشوهەوای ناوچەکە و لایەنی جوانکاری کراوە، ئەمەش بە دروستکردن و بوونی چەندین ڕەگەزی بیناسازی و هونەری لە خانووەکاندا ئەنجام دراوە، بۆیە دەبینین لە خانووی کەلەپووری مەبەست لەم توێژینەوەیە زۆرێک لەو ڕەگەزە بیناسازی و هونەریانە لە خۆ دەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە.




وێنەی ژمارە -٨-

**١. هەیوان:**

ئەم خانووە دوو هەیوانی هەیە دەکەوێتە بەردەمی

ژوورەکانی ژمارە یەک و دوو، شێوەی لاکێشەیی وەرگرتووە، درێژیەکەی ٢٫٥٥م و پانیەکەی ١٫٤٠م، هەردوو هەیوانەکە هەمان رووبەریان هەیە، لە هەر دوو لایەوە بنمیچەکەی بە کەوانەی تەواو دروستکراوە کە تیرەکەی ٢.٥٥م ئەم هەیوانانە لە یەك لاوە بە رووی حەوشەکە کراوەن.



هێڵکاری ژمارە -٢- توێژەر

خانووە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر دوو ژێر هەیوانیان هەبوو یەکیان بۆ دانیشتن و ئەوەی تر بۆ چێشت لێنان (چاوشلی، ١٩٧٨، ٢٦) بەڵام هەیوانی لای ڕۆژئاوای خانووەکە نەماوە ئێستاکە لە شوێنی ئەو هەیوانێکی بچووك دروستکراوە لە دیواری ڕۆژئاوای دوو تاقی تێدایە وێنەی (٨).

**٢. پەیژە (سلَّم):**

پەیژەی خانووەکە دەکەوێتە ناو حەوشەکە لە دیواری ڕۆژهەڵاتی خانووەکە، راستەوخۆ بەرەو سەر هەیوانی ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، لە کەرپووچ دروستکراوە، درێژیەکەی ٣.٢٦م بەرزیەکەی چوار مەترە، لە چواردە پایە پێکهاتووە دوانزدە پایەیان دەتگەیەنێت بەسەر هەیوانەکە دوو پایەکەی تر لە سەر هەیوانەکەوە دەتگەیەنێ بە سەربانی ژوورەکانی ژمارە یەک، دوو، سێ، شێوەی پلیکانەکان ١٠٠سم× ٣٠سم× ٣٠سم ژێری پەیژەکە شێوە میحرابێکی تیادا دروستکراوە، ئەمەش لە رووی ئابووری کەرەستەی بیناسازی کەمتری تێدا بەکارهێندراوە، هەروەها لە رووی ئەندازەییەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەستان لەسەر بنکەکەی، جگە لە بەکارهێنانی خودی شوێنەکە بۆ تیادانانی شتومەک، هەروەها دیمەنێکی جوانتر دەدات بە حەوشەکە. وێنەی (٩).

**٣**. دەروازە و دەرگاکان.

**ا . دەروازەی سەرەکی:**

دەروازەی سەرەکی ئەم خانووە دەکەوێتە دیواری ڕۆژئاوا، ڕاستەوخۆ لە حەوشەکە دەکرێتەوە، بەرزیەکەی ٢م و پانیەکەی ١,٢٠م، بە گوتەی نیشتەجێبووی خانووەکە دەروازەی ئەم خانووە لە پێشدا دەرگایەکی لە دار دروستکراوی تێدابووە، لەو جۆرە دەرگایانەی ئێستا دەبیندرێت لە خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵا و گەڕەکی تەعجیل (چاوپێکەوتن، جاسم کەریم سلێمان) دەرگاکانی ناوەوەی خانووەکە بەم شێوەیە:



وێنەی ژمارە -٩-

**ب . دەرگای ژوورەکان:**

هەر ژوورێك دەرگایەکی تێدایە دەکەونە ناوەڕاستی دیواری باکوور لە بەشی سەرەوەیان لە رووی دەرەوە بە نەخشی گەچ رازێندراوەتەوە، ئەو دەرگایانە بە شێوەی لاکێشەیی دروستکراون پانیەکەیان ١١٠سم و بەرزیەکەیان ١٧٥سم لە سەرەوەی بە شێوەی نیوە کەوانە دروستکراون کە نیوە تیرەکەی ٢٠سم، دەرگاکان لە دار و بزماری ئاسن بە دەست دروستکراوە کە ٧٦ بزمار و ١٢ پارچە دار لە دروستکردنەکەیان



وێنەی ژمارە -١٠-

بەکارهاتووە، دارێکی شێوە لوولەیی کراوە بە کۆڵەگەی دەرگاکان بۆتە هەڵگری دەرگاکە و بەشێوەی پەروانە بەکارهاتووە، بەرزیەکەی ٢٫٥م. وێنەی (١٠).

**ج . دەرگاکانی تەویلە و شۆرک و سەراو:**

دەرگای ڕەسەنی ئەم شوێنانە لە ئێستادا نەماوە، لە جێگایدا دەرگای لە ئاسن دروستکراویان بۆ دانراوە، پێوانەکانیان جیاوازە، بەرزی شۆرك و سەراو ١٫٧٠م پانیەکەی ٨٥ سم دەبێت، بەڵام بەرزی دەرگای تەویلەی ئاژەڵەکان ٢م و پانیەکەی ١م دەبێت.



وێنەی ژمارە -١١-

**٤. پەنجەرەکان:**

ئەم خانووە سێ جۆر پەنجەرەی تێدایە پەنجەرەی ژوورەکانی ژمارە یەک و دوو و سێ لە دیواری باکووری ژوورەکان دروستکراون، بەرزیەکانیان لە ئاستی زەوی٣م ڕاستەوخۆ دەکەونە سەردەرگای ژوورەکان، بە شێوەی لاکێشەیی دروستکراون، درێژیەکەیان ٣٥ سم پانیەکەیان٣٠ سم بە قووڵی٦٠ سم، پەنجەرەکەی لە چێوەیەکی دار و ناوەوەی لە شیشی ئاسن دروستکراون. وێنەی (١١)، سەبارەت بە پەنجەرەکانی ژووری ژمارە چوار کە تەویلەی ئاژەڵەکانە، پێکهاتووە لە چوار پەنجەرە، لە بەرزی دوو مەتر دروستکراون بە شێوەی لاکێشەیی، لە بەشی سەرەوەیان بە شێوەی کەوانەی تیژ دروستکراون،



وێنەی ژمارە -١٢-

بەڵام پەنجەرەی شۆرکی حەوشەکە بە شێوەی چوارگۆشە دروستکراوە.

**٥. کەوان (قوس):**

ئەم خانووە چەندین جۆر کەوانەی تێدا بەکارهاتووە وەك کەوانەی تەواو و نیوەکەوانە و تیژەکەوانە، کەوانەی تەواو بە کارهاتووە لە دروستکردنی هەردوو هەیوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لایەکیان کەوانەکان دەکەونە سەر دیواری ژوورەکانی ژمارە یەک و دوو لایەکانی تری کەوانەکە دەکەونە سەر دیوارێك کە بۆ هەیوانەکە دروستکراوە، تیرەکانی ئەو هەیوانانە ١,٤٠م، نیوە کەوانەکان لە سەر تاق و دەرگاکان بەکارهاتوون، کەوانەی تیژ لە ناو ژووری ژمارە چوار بەکارهاتووە لە سەر پەنجەرە و ئاخوڕی ئاژەڵەکان، نیوەکەوانەی بەرمیلی لە ناو سەراو و شۆرکی یەکەم بەکارهاتووە وێنەی (١٢).

**٦. سواندە (طارمة):**

سواندە ڕەگەزێکی تری بیناسازییە لە خانووە کەلەپوورییەکانی کوردستان بەکارهاتووە، سواندەکە دەڕوانێتە سەر حەوشە کراوەکە، دروستدەکرێت بە شێوەی دەرچوونێك لە دیوارەوە بۆ سەر حەوشەکە، گرنگیی سواندە بۆ پارێزگاری لە کەشوهەوا و بارانە، ئەو خانووە یەك سواندەی هەیە دەکەوێتە سەر ژوورەکانی ژمارە یەک و دوو و سێ درێژیەکەی ٩,٧٠م و پانیەکەی ١م بووە، لە کاریتەی دار و ڕایەڵەی دار دروستکراوە، لە سەر دارەکانیش بە حەسیری لە قامیش ڕووپۆشکراوە پاشان خۆڵەبان کراوە بەڵام ئێستا ئەم سواندەیە بە تەواوی نەماوە و ڕووخاوە تەنیا شوێنەواری کاریتە دارەکان ماوە.

**٧. ستارە:**

ستارەی ئەم خانووە دەکەوێتە سەربانی ژوورەکانی ژمارە یەک و دوو و سێ بە شێوەی لاکێشەیی دروستکراوە بەڕووبەری ١٣,٧٠م × ٧م × ١٤م به ڕووی حەوشەکە یان لای باکووری ستارەکە هەندێك جوانکاری تێدا کراوە لەگەڵ دوو شێوە تاقی کراوە شێوەیەکی لاکێشەیی وەرگرتووە، لە ناوەڕاستی کەوانەیەکی بەش بەش کراوەی هەیە بە گەچ ڕووپۆشکراوە.

**٨. دەلاقە (حنية):**


ئەم خانووە بیست دەلاقەی تێدایە کە بە دوو پێوانەی جیاواز دروست کراون، ئەو دەلاقانە دەکەونە ناو ژوورەکان و هەیوانی لای ڕۆژئاوا کە لە ناوەڕاستیاندا بە ڕەف جیاکراونەتەوە، گەورەکەیان بەرزیەکەی ١٫٢٩م و پانیەکەی٨١ سم و قووڵیەکەی٤٠ سم بەشی خوارەوەی ڕەفەکە ٦٣سم و بەشی سەرەوەی ٦١ سم و ئەستووری ڕەفەکە ٤ سم، سەرەوەی تاقەکان بە نیوکەوانە دروستکراوە نیوە تیرەکەی ٩ سم، پێوانەی تاقە بچووکەکان جیاوازی تەنیا لە پانیەکەیەتی ٦٢ سم بەڵام دوو تاقی هەیوانەکە کەوانەکانیان لەسەر شێوەی سێ بەش ( عقد ثلاثي فصوص ) دروستکراون.

**٩. نەخش و جوانکاری:**

ڕازاندنەوەی دیوارەکان بە نەخشی گەچی بڵاوبۆتەوە لە سەردەمی ساسانییەکان لە عێراق (علام ، ١٩٧٢، ٣٤) هەروەها ڕازاندنەوەی دیوارەکان بە نەخشی گەچ لە سەردەمەکانی سەرەتای ئیسلامیدا گرنگی پێدراوە لە ڕازاندنەوەی خانووەکان ( دیماند، ١٩٥٤، ٣١) لە خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی سەر دەرگا و نێوان ژوورەکانی یەک و دوو و سێی بە نەخشی ئەندازەیی لە گەچ دروستکراو ڕازاوەتەوە، سەرجەم نەخشەکان بە شێوەی ئەندازەیی لە شێوەی شوروفاتی پلەپلە (مدرج) نەخشکراوە، وێنەی (١٣)، هەندێکیان بە شێوەی بازنەیی و نیوە بازنەیی دروستکراوە وە هەندێکی تریان پێچەوانە کراونەتەوە واتە سەراوژێر کراون، لە بەشی خوارەوەیان بە شێوەی کەوانەی بەش بەش (عقد مفصص) کراوە، لە ناوەڕاستی ئەو نەخشانە شوێنی دانانی ئاوێنە یان ژێر پیاڵە هەیە کە جاران لە ناو ڕازاوە



وێنەی ژمارە -١٣-


وێنەی ژمارە -١٤-

گەچییەکان بە کاردەهات لە خانووەکانی سەر قەڵا و گەڕەکەکانی تری هەولێر بەدیدەکرێت. وێنەی (١٤).

هەندێك جیاوازی دەبیندرێت لە نەخشەکانی سەر دەرگاکان و تەنیشتی دەرگاکان، نەخشی سەر دەرگاکان بە بوونی زنجیرەیەك بازنەی تەواو بە شێوەی پیتی (U) بە هەڵگەڕاوە دیاردەکەون وە نەخشی تەنیشت دەرگاکان هەمان شێوەی هەیە بەڵام لە زنجیرەی نیوە بازنەیی بەکارهاتووە بە شێوەی چوارگۆشە بە دیارکەوتوون لە ئەنجامی پێچەوانە بوونەوەی شوروفاتەکان و هێڵەکانی چوار گۆشەکەش لە شێوەی ددانی مشار بە دیارکەوتوون.

## باسی دووەم. هۆکارەکانی لەناوچوون و کاری نۆژەنکردنەوە لە خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی:

پاشماوە کەلەپووری و مێژووییەکان بە نموونەیەکی زیندووی شارستانی دادەندرێن لە تۆمارکردنی مێژوودا، دەبێتە بیرەوەریەك بۆ زیندوو هێشتنەوەی ناسنامە و شوناسی گەلان، بۆیە دەبینین هەموو گەلان لە بەردەم تاقکردنەوەیەکی گەورەن لە بواری پاراستنی کەلەپووری نەتەوەکانیان ( العنسي والصبهاني، ٢٠١٤، ٢٧) پاراستنی کەلەپوور دەبێتە ناسنامەیەکی گرنگی نەتەوەیی، پێویستە دەستی پێوە بگرن و لە لەناوچوون و زیدەڕۆیی بیپارێزن، جا کەلەپوورەکە لە هەر بوارێکی هزری و زانستی و هونەری و بیناسازی بێت.

چەندین هۆکار دەبنە هۆی لەناوچوونی بیناسازی شوێنەواری و کەلەپووری، بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێن بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ئەوانیش هۆکارە سروشتییەکان و مرۆییەکانن، هۆکارە سروشتییەکان بریتین لە بەفر و باران و تۆز و

خۆڵ و با و ڕەشەبا و ڕۆچوونی زەوی و بوومەلەرزە و بورکان و لافاو و شێ و ئاژەڵ و باڵندەکان و ڕووەکەکان و زیندەوەران.

هۆکارە مرۆییەکانیش چەندین هۆکارن دەبنە هۆی لەناوچوونی پاشماوە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان ئەوانیش بریتین لە ئاگر و جەنگ و دزین و تێکدان و وێرانکردن و بڕیاری هەڵەی کارگێڕی و هەڵەی ئەندازەیی و نۆژەنکردنەوەی نازانستی.

هۆکارەکان کار لە هەموو بەشەکانی بینایەکە دەکەن بە تایبەتی بناغەی بیناکە و ڕوخساری دەرەوە و سەربانی بینایەکە و زۆرجار هۆکار و زیانەکان بە هۆی هەندێ تایبەتمەندی بینایەکەوە ڕوودەدەن ئەوەش لە ڕووی تەکنیکییەوە پێویست بە وردەکاریی زیاتر هەیە (Juez, and others , 2013, 9 ).

خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی چەندین گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بوونەتە بەشێك لە بینایەکە، ئەو گۆڕانکاریانەش بە تێپەڕبوونی کات بەسەریدا هاتووە، هەندێکیان هۆکاری سروشتین، بەڵام هەندێکی تر هۆکاری مرۆیین و بە دەستکاری دانیشتوانی خانووەکە بووە لە بەر نەبوونی هۆشیاریی شوێنەواری و کەلەپووری و پاراستنی وەك لایەنێکی گرنگی شارستانی .

**یەکەم. هۆکارە سروشتییەکان:**

تێپەڕبوونی کات و نۆژەن نەکردنەوەی ئەم خانووە کاریگەری هۆکارە سروشتییەکانی کارا کردووە بۆتە هۆی تێکچوونی بەشێکی خانووەکە، لە ئەنجامدا لەلایەن دانیشتوانی خانووەکە لە شوێنەکەیدا بەشێکی تریان بۆ دروستکردووە، وەک لە دوو هەیوانە گەورەکەی بە دیاردەکەوێت کە دەکەونە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای



وێنەی ژمارە -١٥-

خانووەکە لە پێش ژوورەکانی یەکەم و سێیەم، ئەم هەیوانانە کەوانەی گەورەیان هەبووە ئێستا هەیوانی لای ڕۆژئاوای نەماوە.



وێنەی ژمارە -١٦-

درزی گەورە و بچووک لە بەشێکی دیوارەکانی ئەم خانووەدا هەیە کە لە ئەنجامی کشانی ماددە ڕەقەکان ڕوویداوە، بە هۆی ئەوەی ئاو و هەوای شاری هەولێر لە هاویندا لە پلەیەکی گەرم و بەرزە و لە زستانیش لە پلەیەکی نزمی ساردیدایە ئەوەش کاری لە ماددەکانی خانووەکە کردووە درز لە بەشێکی دیوارەکان پەیدا بووبێت. وێنەی (١٥).

بە هۆی چوونە ناوەوەی ئاو بۆ ناو بەشەکانی خانووەکە لە درزەکانەوە دەبێتە هۆی شیبوونەوەی ماددەکان، ئەوەش بە ڕوونی دیارە بە داڕووخانی سەربانەکانیەوە، دەبینین بە هۆی چوونە ژوورەوەی ئاو بۆ ناو خانەکانی کەرەستەکانی خانووەکە لە درزەکانەوە بە تایبەتی لە کاتی باران بارین پاشان لە هاویندا کرداری بە هەڵمبوون ڕوودەدات و پاشماوەی خوێی تێدا بەجێدەمێنێ، ئەو خوێیەش دەبێتە هۆی شیبوونەوەی ماددەکان و لەناوچوونیان، ئەوەش لەم خانووە ڕوویداوە و زیانی بە رووپۆشە گەچەکەی گەیاندووە وێنەی (١٦).



وێنەی ژمارە -١٧-

هەروەها سەربانەکەی بەهۆی چوونە ژوورەوەی ئاوی باران بۆتە هۆی ئەوەی زیان بە کاریتە دارەکانی بگەیەنێت، داریش یەکێکە لەو

کەرەستانەی بە تێپەڕبوونی کات تواناکەی لە دەستدەدات و تووشی داخوران و ڕزیبوون دەبێت، ئەو هۆکارە ئێستا زۆر بە ڕوونی بە سەربان و سواندەی خانووەکەوە دیارە.

**دووەم. هۆکارە مرۆییەکان:**

ئەو هۆکارانەن بە هۆی دەستکاری و ڕۆڵی مرۆڤەکان وادەکات بەشێک یان تەواوی پاشماوە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لەناوبچن، ئەو هۆکارە مرۆییانەی کاریان کردۆتە سەر ئەم خانووە بریتین لە:

**١. هۆکاری کارگێڕی:**

بە هۆی گرنگی پێنەدانی لایەنی پەیوەندیدار بە گەڕەکە کەلەپوورییەکانی شاری هەولێر و فەرمانی کارگێڕیی هەڵە بە چۆلکردن و نۆژەن نەکردنەوەی خانووەکان بۆتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆر لە خانووەکانی گەڕەکەکانی سەرای، تەکیە و تۆپخانە لە سەر قەڵا و گەڕەکەکانی خانەقا، تەعجیل و عارەبان لە خوارەوەی قەڵا، خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی یەکێکە لەو خانووانەی کە چەند ساڵێکە چۆلکراوە، لە ئەنجامدا بۆتە هۆی ئەوەی بەشێك لە سەربانەکەی بڕووخێت و لەناوبچێت وێنەی -١٧-.

**٢. دەستدرێژیی مرۆیی:**

دەستدرێژیی مرۆڤەکان بە ئەنقەست بێت بۆ تێکدانی پاشماوە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان یان بەبێ ئەنقەست بێت دەبێتە هۆی تێکدان و لەناوبردنی سیمای جارانی پاشماوەکە، لە بەرئەوەی ئەم خانووە لەسەر شەقامێکی سەرەکی و زۆر نزیک نییە لە بازاڕ بۆیە تا ئێستا دەستدرێژیی ڕاستەوخۆی نەکراوەتە سەر، وەک بەشێک لە خانووەکانی تر کراون بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل یان دووکان و باڵەخانەی تازە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن دانیشتوانی خانووەکە گۆڕانکاری لە سیمای جارانی خانووەکە کراوە.

وەک لە هەیوانی ڕۆژئاوادا بەشێکی کەمی لە دیوارەکەی ماوە لە تەنیشتیەوە ژوورێکی بچووك دروستکراوە بۆ چێشتخانە بە کارهاتووە ڕووبەرەکەی (٢×١،٤٠)م،

سەربانەکەی بە شێوەی چاتی جیاوازە لە سەربانەکانی تر بە ئاسن و کەرپووچ دروست کراوە، لە ناوەڕاستی حەوشەکە باخچەیەکی بچووك دروستکراوە بە شێوەی چوار گۆشە هەرلایەکی ١،٥٠م، هەروەها دەرگای سەرەکی گۆڕاوە و کراوە بە ئاسنی دوولا لە پێشدا دەرگایەکی یەك لای لە دار دروستکراوی هەبووە، حەوشەکەش ئەو فەرشە کەرپووچەی ئێستای نەبووە تەنها خۆڵ بووە لە زستانان پاشماوەی کوورەکانیان پێدا فەرش دەکرد بۆ ئەوەی نەبێت بە قوڕ بەڵام ئێستا ناو حەوشەکەی فەرشکراوە بە کەرپووچی چوارگۆشە درێژی لایەکی ٤٠ سم ئەوەش بەشێکە لە گۆڕانکاری کە بەسەر بینایەکەدا هاتووە لە رابردوو.

**سێیەم. کاری نۆژەنکردنەوە:**


کاری نۆژەنکردنەوە بۆ هەموو بینا شوێنەواری و کەلەپوورییەکان پێویستی بە کاری بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی زیانەکان گەورە نەبن هەمیشە وەک لایەنێکی گرنگی مێژوویی و شارستانی بپارێزرێن و بمێنێتەوە. ئەم زانستە دەبێت وەك بنەمایەکی نەتەوەیی سەیر بکرێت بۆ پاراستنی مێژووی بیناسازیی کوردی.

خانووی سەلیم سلێمان مەحموود کوورەچی تا ئێستا بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار بە شوێنەوار و کەلەپوور کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ نەکراوە بەڵکو وەک زۆرێک لە خانووەکانی تر تەنها لە لایەن دانیشتوانی خانووەکان ساڵانە کاری چاککردنەوەیان بۆ کراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم خانووە لە بارێکی خراپدایە پێویستە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجامبدرێت بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**١. بە بەڵگەکردن (دیکۆمێنتکردن):**

یەکەم هەنگاو بۆ کاری نۆژەنکردنەوە ئەنجام بدرێت بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان سەبارەت بەم خانووە، پێویستە لێژنەیەکی پسپۆر ئامادە بکرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و وێنە و دەستنووس و بەڵگەنامە نووسراوەکان، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەی زارەکی لە کەسایەتییە بە تەمەنەکان و دانیشتوانی خانووەکە، پاشان ئەو زانیارییانە لە ڕاپۆرتێک ئامادەبکرێت بۆ کاری نۆژەنکردنەوە.

**٢. پاککردنەوە:**



هێڵكاریی -٣- توێژەر

دووەم هەنگاو بۆ ئامادەکردنی ئەم شوێنە بۆ کاری نۆژەنکردنەوە رزگارکردنی بینایەکەیە لە پاشماوە زیادەکانی کە پەیوەندییان بە خانووەکەوە نییە، هەروەها لابردنی ئەو زیادەڕۆییانەی بۆ سەر هێڵکاریی خانووەکە دروستکراوە، ئەو خانووە لە ئەنجامی چۆڵکردنی بۆتە شوێنێکی کەلاوە و کۆبوونەوەی پیسی و خۆڵ و خاشاک، لەم هەنگاوەدا پێویستە خانووەکە بگەڕێندرێتەوە سەر شێوە ڕەسەنەکەی جارانی و ئامادەبکرێت بۆ کاری تۆمارکردن.

**٣. ئەنجامدانی کاری نۆژەنکردنەوە:**

پێش نۆژەنکردنەوە دەستدەکرێت بە تۆمارکردنی شوێنە لەناوچوو و زیان لێکەوتووەکانی بەشە جیاوازەکانی خانووەکە، دواتر کاری نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی بەشە لەناوچووەکان ئەنجام دەدرێت لە سەر هەمان شێوازی کۆن و بە هەمان کەرەستەی کە یەکەم جار خانووەکەی پێدروستکراوە.

**بۆکاری نۆژەنکردنەوە لە خانووی سەلیم سلێمان کوورەچی پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:**

**یەکەم.** پێویستە سەرجەم دیوارەکان و بنەبان و سەربانی خانووەکە لە پاشماوە شیبووەکانی وەک گەچ و دارە ڕزیوەکان و خشتە بێهێز و وردبووەکان پاکبکرێتەوە.

**دووەم.** دیوارەکانی ناوەوەی خانووەکە وەک شێوازی پێشتر بە ماددەی گەچ ڕووپۆش بکرێتەوە.

**سێیەم.** بەهێزکردن و پتەوکردنی سەرجەم ئەو دیوارانەی درزیان تێکەوتووە.

**چوارەم.** دروستکردنەوەی بەشە لەناوچووەکانی خانووەکە لەسەر شێوازی ڕەسەنی خۆی و بە هەمان کەرەستەی بیناسازی پێشووتر، وەک سەربانی ژوورەکان، ستارە، هەیوانی ڕۆژئاوا و سواندەی سەر ژوورەکان. هێڵکاریی ژمارە (٣).

**پێنجەم.** ڕووپۆشکردنی بەشەکانی دەرەوە بە ماددەی جیاکەرەوە (عزل) بە تایبەت لە سەربان و دیوارەکانی دەرەوە، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتەوە بەشەکانی خانووەکە.

**٤. پاراستن و بەکارهێنانەوە:**

پاراستن دوای کاری نۆژەنکردنەوە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان، بۆیە هەر بینایەکی شوێنەواری و کەلەپووری دوای نۆژەنکردنەوە پێویستی بە چاودێریکردنی بەردەوامی ساڵانە هەیە بە هۆی کاریگەریی هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان کە دەبنە هۆی ئەوەی زیان بە خانووەکە بگەیەنن، ئەو زیانانەش پێویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێ و تەشەنە نەکاتە بەشەکانی تری.

بینایە کەلەپوورییەکان پێویستە دوای نۆژەنکردنەوەیان دووبارە بەکاربهێندرێت باشتر وایە بگەڕێندرێتەوە بۆ هەمان کاری پێشتری یان هەر کارێکی تری گونجاو بەڵام لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار بە شوێنەوار و کەلەپوور بێ.

## سەرچاوە کوردیەکان:

- توفیق، زرار صدیق (٢٠١٠)، هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست، وەرگێڕانی ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
- الچاوشلی، هادی رشید (١٩٨٧)، هەولێر لەگەڵ کاروانی فەلەك، چاپخانەی الجاحظ، بغداد.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٩)، گەڕەکەکانی هەولێر، لە: ئینسکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.
- سادق، فوئاد تاهیر (٢٠٢١)، فەرهەنگی یاریدەدەر، عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- سەلیم، جاسم کەریم (٢٠٢٢) ، چاوپێکەوتن لە ٢٢/ ٢/ ٢٠٢٢)، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧/هەولێر.
- عبدالقادر، نەهرۆ محمد (٢٠١٢)، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨- ١٩٢٦)، خانەی موکریانی، هەولێر.
- موکریانی، حوسێن حوزنی (٢٠٠٧)، سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی ، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و لەچاپدانی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- هێی، دەبلیو. ئار (٢٠١٦)، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**مصادر عربية:**

- ابن خرداذبة، ابی القاسم عبيدالله بن عبدالله (١٨٨٩)، المسالك والممالك، مطبعة بريل، بيروت.
- اسماعيل، زبير بلال (١٩٧١)، اربيل في ادوارها التاريخية ( دراسة تاريخية عامة لاربيل و انحائها منذ اقدم العصور حتى الحرب العالم الاول) مطبعة النعمان ، النجف.
- البغدادی، المنشئ (١٩٤٨)، رحلة المنشئ البغدادی، ترجمة عباس العزاوی، بغداد.
- البدليسی، الامير شرفخان (٢٠٠١)، شرفنامة، ترجمة: محمد جميل الروزبيانی، الطبعة الثانية، اربيل.
- بيات، فاضل مهدی ( ٢٠٠٧)، الدولة العثمانية في المجال العربی (دراسة في الاوضاع الادارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا) مطلع العهد العثمانی اواسط القرن التاسع عشر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
- حسين، محسن محمد (٢٠١٤)، اربيل في العهد الاتابكي، بحث في اوضاع اربيل السياسية و الاقتصادية و العسكرية ووالادارية والثقافية في العهد الاتابكي، مكتبة التفسير، اربيل.
- حموی، شهاب الدين ابی عبدالله ياقوت بن عبدالله (١٩٧٧)، معجم البلدان، ج١، دارصادر، بيروت.

- خصباك، جعفر حسين (١٩٦٨)، العراق في عهد المغول الأيلخاني ٦٥٦- ٧٣٦ه، ١٢٥٨- ١٣٣٥م (الفتح .الادارة. الاحوال الاقتصادية. الاحوال الاجتماعية، ط ١، مطبعة العاني ، بغداد
- راوولف، ليونهارد (٢٠٠٨)، رحلة الهولندى الدكتۆر ليونهارد راوولف، ترجمة سليم احمد خالد، ط ١، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- ديماند، م. س (١٩٥٤)، الفنون الاسلامية، ترجمة احمد محمد عيسى، دار المعارف، قاهرة ، مصر.
- زكي، محمد امين (١٩٣١)، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصورالتاريخية حتى الان، مطبعة الفية، مصر.
- سترك، م. (١٩٣٣)، دائرة المعارف ا لاسلامية، الجزء الاول، القاهرة " اربيل "
- الصقار، سامى بن خماس (١٩٩٢)، امارة اربل في العصر العباسى ومؤرخها ابن المستوفى، دارالشوف للنشر و التوزيع، مطبعة الفية، رياض، السعودية.
- العلياوى، عبدالله (٢٠٠٥)، كوردستان في عهد المغول ١٢٢٠- ١٣٣٥ميلادى، دراسة في التاريخ السياسى، سليمانية.
- علام، نعمت (١٩٧٢)، فنون الشرق الاوسط في العصور الاسلامية، ط٦، دارالمعارف، القاهره.
- العنسى، احمد محى الدين و الصهبانى، مرسال أمين، (٢٠١٤)، دراسة تحليلية لقيم وخصائص وعناصر العمارة المحلية (دراسة حالة مدينة رداع) رسالة الماجستير في العمارة، من قسم العمارة – كلية الهندسة - جامعة العلوم والتكنولوجيا، الجمهورية اليمنية.
- غەفور، عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم ، لە بڵاو کراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- فريز، جيمس بيلي (١٩٦٤)، رحلة فريز الى بغداد في ١٨٣٤، ترجمة جعفر الخياط، ط ١، مطبعة المعارف، بغداد.
- مراد، خليل على (٢٠١٥)، من وثائق الارشيف العثمانى (دفتر تحرير مفصل واجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ / ١٥٤٢م)، من منشورات الاكاديمية الكردية، اربيل.
- نصار، عبدالعظيم عباس (٢٠٠٥)، بلديات العراق في العهد العثمانى ١٥٣٤م - ١٩١٨م، دراسة تاريخية وثائقية، ط ١، مطبعة الشريعة، نشر مكتبة الحيدرية.
- الواقدى، الامام بن عمر (١٩٩٦)، تاريخ فتوح الجزيرة والخابور ودياربكر والعراق، تحقيق عبدالعزيز فياض حرفوش، دارالبشائر، للطباعة والنشر و التوزيع، دمشق.

**References**

-Juan Tejela Juez, Daniel Navas Delgado, Carlos Machín Hamalainen, Restauración y rehabilitación Rehabilitación, mantenimiento y conservación de estructuras, Fundación Laboral de la Construcción, Madrid.

## ملخص

## بيت تراثي سليم سليمان محمود كوره جى في مدينة اربيل صيانة و حفظ (دراسة ميدانية)

يعد بيت (سليم سليمان الكورەجي) احدى الدور التراثية الكائنة في محلة سعدوناوة جنوب قلعة اربيل ومحلة تعجيل. يرجع تاريخ بناءه الى فترة زمنية اكثر من (١٠٠) عام .

يتكون البيت من طابق واحد يضم ثلاثة غرف مستطيلة الشكل مع ايوانين وفناء (حوش) كبير واسطبل واحد وحمامين ومدخل رئيسي وسلم.

اما مواد البناء المستخدمة هي عبارة عن طابوق مفخور مع لبن واستعمل الحديد والخشب مع استخدام الجص ، بالاضافة الى ذلك يعد البيت غنيا من ناحية العناصر المعمارية والفنية مثل ( الايوان، العقود ) وحنيايا وكواة وستارة والابواب والشبابيك، حيث تم التركيز من خلال الدراسة على العناصر المعمارية والفنية لكل اقسام البيت مع الاشارة الى العوامل التي اثرت على البيت التراثي منها الطبيعية والبشرية وفي نهاية البحث تم الاشارة الى اعمال الصيانة الاثرية والحفاظ على الدار واعادة تأهيلها.


**الكلمات المفتاحية :** البيوت التراثية، العمارة، الصيانة، الحفظ

# Abstract

## Heritage House Salim Suleiman Mahmoud Kurachy in the city of Erbil Maintenance and Conservation (field study)

The house of (Salim Suleiman Al-Korji) is one of the heritage houses located in the locality of Saadonawa, south of the Erbil Citadel and the locality of Tajil. Its construction dates back to a period of time more than (100) years.

The house consists of one floor and includes three rectangular rooms with two iwans, a large courtyard, one stable, two bathrooms, a main entrance and a staircase.

As for the building materials used, they are bricks made of bricks, iron and wood, and plaster. In addition, the house is rich in terms of architectural and technical elements such as (iwans, arches), niches, niches, curtains, doors and windows, where the focus of the study was on the elements Architectural and technical for all sections of the house, with reference to the factors that affected the heritage house, including natural and human. At the end of the research, reference was made to the archaeological maintenance works, preservation and rehabilitation of the house.



**key words**: traditional houses, architecture, maintenance, protection